The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd*
*ÇAK*
contact@chak.info

# هەڵوێستی چاك لەسەر دۆزی فایلدارەكان

ناوەندی چاك هەر لە پێش ڕوخاندنی ڕژێمەوە بانگەوازی هەمووانی كرد بۆ پاراستنی فایلەكان , بە دوای ڕوخاندنی ڕژێمی بەعسیشدا هەر زوو هەڵوێستی وەرگرت و كەمپینی جەماوەری سازدا بۆ بە دادگاییگەیاندنی فایلدارەكان .

ئێمە لەگەڵ دادگاییكردنی هەموو مۆرەكانی ڕژێمداین لە كوردستان بەبێ جیاوازی و چاوپۆشی لە هیچ یەكێكیان لەسەر بنچینەی پێگەی كۆمەڵایەتی و پلە پایە و حزبایەتی , هەموو ئەوانەی دەستیان سوور و فایلیان ڕەشە پێویستە ببردرێنە بەردەم دادگا وەك گومانلێكراو .

باوەڕمان وایە دەبێت كێشەی فایلدارەكان لە دادگا یەكلا بكرێتەوە نەك لیژنەی دیاریكراوی بۆ پێك بهێنرێت , پێویستە كارەكانی دوور بێت لە تەسفیاتی سیاسی , هەروەها ناكرێت چاوپۆشی لە هیچ یەكێك لە گومانلێكراوان بكرێت , هاوكات دەبێت بەشێوەی جدی و لە ڕێگای دادگایەكی سەربەخۆو ئازاد و كراوەوە ئەنجامبدرێت , بۆ ئەوەی بڕیارەكان ڕەوایەتی هەبێت , ماف بگەڕێتەوە بۆ بێتاوانانیان ئەگەر هەبن .

**ناوەندی چاك**

**2006–10–11**